# سێ تەرمی گولەبارانکراو دەدۆزرێتەوە

لەدوو کاتی جیاوازداو لەماوەی ئەم هەفتەیەدا لەناحیەی قەرەهەنجیر، سێ تەرمی گولەبارانکراو دەدۆزرێتەوە.

کاتژمێر حەوتی ئێوارەی ٢٠٠٧/٩/٤ لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی قەرەهەنجیرەوە، لەسەر ڕێگەی گوندی باشبلاخ ـ خالۆبازیانی، تەرمی کچێکی نەناسراو دۆزرایەوە.

بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی ناحیەی قەرەهەنجیر عەقیدی مافپەروەر عوسمان عەبدولا ڕایگەیاند "ئەوکچە تەمەنی نزیکەی پانزەساڵ دەبێت. لەبەرئەوەی هیچ پێناسێکی پێ نەبوە نەناسراوەتەوە. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ئێمە ئەم کچە، بەکلاشینکۆفو ودەمانچە کوژراوەو، شوێنی چەند فیشەکێك بە سەرو سنگیەوە دیارە".

هەروەها نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ٩/٨، لەنزیك گوندی چیمەن دوو تەرمی گولەبارانکراو دەدۆزرێتەوە. سەرچاوەکەی پۆلیس لەوبارەیەوە وتی"تەرمەکان بۆدوو پیاو دەگەڕێنەوە کە تەمەنی یەکێکیان ٢٠ساڵ دەبێتو، ئەویتریشیان ٢٧ساڵ". ئەو دوو تەرمە ڕوتکراونەتەوەو دەستو چاویان بەستراوەتەوەو، لەبەرئەوەی هیچ ناسنامەیەکیان پێنەبوە نەناسراونەتەوە.

بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیس، وتی"بەدواداچونەکانمان بەردەوامەو بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی زیاتر، تەرمەکانمان ڕەوانەی پزیشکی دادوەری کەرکوك کردوە".

لەماوەی کەمتر لەدوومانگدا، ئەمە پێنجەمین تەرمە لەسنوری ناحیەی قەرەهەنجیر دەدۆزرێتەوە.

# پیاوێك هەوڵی کوشتنی پێنج منداڵی دەدات

لەگەڕەکی پیریادیەکانی سەر بەناحیەی شۆڕش، پیاوێك هەوڵی کوشتنی پێنج منداڵەکەی دەدات. دواتر لەلایەن ئاسایشی چەمچەماڵەوە بە بڕیاری دادگا دەسگیر دەکرێت.

ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٦، بەهۆی دروستبونی کێشە لە نێوان ئەندامانی خێزانەکەیاندا. هاولاتیەك لە ناحیەی شۆڕش دوای کڕینی کلاشینکۆفێكو دو نارنجۆك ویستی منداڵەکانی خۆی بکوژێت. بەڵام دواتر لەلایەن یەکێك لە کوڕەکانیەوە لە دادگا سکاڵای لەسەر تۆمارکراو، بە بڕیاری دادگای چەمچەماڵ لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەسگیرکرا.

بەوتەی سەرچاوەیەکی ئەمنی چەمچەماڵ کە بە چەرموی ڕاگەیاند"ئێستا ئەو پیاوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدادەکرێت، تاوەکو هۆکارەکەی ئاشکرابکرێت". ئەو سەرچاوەیە هۆکاری ڕوداوەکەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی"پێدەچێت بەهۆی هەڵچونی باری دەرونیەوەبێت".

# سێ ئافرەتی لەشفرۆش دەسگیر دەکرێن

ئاسایشی چەمچەماڵ سێ ژنی لەشفرۆشی عەرەب دەستگیر دەکاتو ڕەوانەی کەرکوکیان دەکاتەوە.

بەڕێوەبەری ئاسایش ڕایدەگەیەنێت هەر ئافرەتێك گومانی لەشفرۆشی لێ بکرێت، لەبانی مقان ڕێگەی نادرێت بێتە ناو چەمچەماڵەوە.

ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٢ سێ ئافرەتی لەشفرۆشی عەرەب لەسنوری قەزای چەمچەماڵ لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەسگیر دەکرێنو ڕەوانەی کەرکوك دەکرێنەوە.

بەڕێوەبەری ئاسایشی چەمچەماڵ موقەدەم ئەحمەد نادر، بە چەرموی ڕاگەیاند" بەهۆی نزیکی ناوچەکەمان لە کەرکوکەوە ناوە ناوە ئافرەتی لەشفرۆش دێنە ئەم سنورەوە. ئێمەش دوای دەستگیرکردن دەیانگێرینەوە بۆ ئەوناوچانەی لێوەی هاتون. ئەگەر هەر ئافرەتێك گومانی لەشفرۆشی لێ بکرێت، ڕێگەنادەین لەبانی مقانەوە بێتە چەمچەماڵ".

# دانیشتوانی ناحیەی شۆڕش لەکۆنی پاسەکان نیگەرانن

دانیشتوانی ناحیەی شۆڕش نیگەرانن لەکۆنی پاسەکانیانی هێڵی چەمچەماڵ- شۆڕشو، داوای گۆڕینیان دەکەنو، لایەنە پەیوەندیدارەکانیش باس لەوەدەکەن ئەو هێڵانە ماوەیەکی زۆرە دابەشکراون.

سروە ساڵەح ٣١ساڵ دانیشتووی ناحیەی شۆڕش، وتی"ئەو پاسانەی کاردەکەن زۆرکۆنو بێ کەڵکنو، سەرەڕای ئەوەی بەماوەیەکی درەنگ ئەو ڕێگە کەمە دەبڕێت. مەترسی لەسەر ژیانیشمان دروستکردوە. بۆیە داواکارین ڕێگەبدرێت کەپاسە نوێیەکان کاربکەنو هێڵیان پێ بدرێت".

بەرپرسی نوێنەرایەتی چەمچەماڵی سەندیکای کرێکارانی کوردستان، عومەرحەمەلاو ڕایگەیاند"ئەو پاسانەی لەهێڵی چەمچەماڵ-شۆڕش کاردەکەن، ساڵانێکی زۆرە دابەشکراوە بەسەریاندا. بەڵام هەر کەسێکیش بیەوێت پاسەکەی بەمۆدێلی نوێ بگۆڕێ، هاوکاری دەکەینو لاریمان نییە".

# حەوزێکی گەورەی کۆکردنەوەی ئاو لەناحیەی شۆڕش نۆژەن دەکرێتەوە

بەمەبەستی چارەسەرکردنی کەم ئاوی لەناحیەی شۆڕش، حەوزێکی گەورە لەبناری مەقان نۆژەن دەکرێتەوەو، لەرێگەی چەند بیرێکەوە ئاوی بۆدابین دەکرێت.

سەرۆکی شارەوانی چەمچەماڵ نەوزاد جەلال ڕاگەیاند" ئەو حەوزە پێشتر هەبووە، ئێمە تەنها نۆژەنی دەکەینەوەو، ئێستا ٧٠٪ی کارەکانی تەواو بووە. دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆری گرفتی کەم ئاوی شۆڕش چارەسەردەکات. چونکە ئەو حەوزە بڕی شەش هەزار مەترسێجا ئاو دەگرێت".

هەروەها سەرۆکی شارەوانی وتی"نووسراوێکمان ئاراستەی وەزارەت کردووە بۆئەوەی حەوت بیرلەرێگەی بۆری لولەییەوە ببەستینەوە بەو حەوزەو، ئاوەکەی لەوێدا کۆبکەینەوەو، پاشان بەسەرماڵاندا دابەش بکرێت".

# لەماوەی دوومانگ دا لەچەمچەماڵ دە ژن خۆیان دەسوتێنن

**شەهلاحەمەغەریب. چەرمو**

بەپێی ئامارێکی بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی گشتی شەهید پێشرەو، لە ماوەی دوومانگی ڕابردوودا دە ژن خۆیان سوتاندوەو، هۆکارەکەشی زیاتر بۆکێشەی خێزانی دەگەڕێتەوە.

لێپرساوی بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی گشتی شەهید پێشرەو، سابیر عەزیز وتی"هەرحاڵەتێکی سوتاوی بێتە لای ئێمە چارەسەری سەرەتایی بۆئەنجام دەدەینو، پاشان ئەگەر ڕێژەی سوتاویەکەی ٤٠٪زیاتربێت ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئێمرجنسی سلێمانی دەکەین".

ناوبراو وتیشی"بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەو ژنانەی خۆیان سوتاندووە، لەلای ئێمە تۆمارکراوە. زۆربەی هۆکارەکانی خۆسوتان بۆگرفتە خێزانیەکان دەگەڕێتەوە".

# لەماوەی حەوت مانگدا حەڤدە منداڵی دوانە لەدایکبون

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی چەمچەماڵ، لەماوەی حەوت مانگی ڕابردووی ساڵی ٢٠٠٧، حەڤدەمنداڵی دوانە لە چەمچەماڵ لەدایکبووە.

هەر بەپێی ئەو ئامارە لەساڵی ٢٠٠٧دا، ئەو منداڵانەی لەنەخۆشخانە لە دایکبوون ژمارەیان(٢٠٤٧) منداڵە، لەو ژمارەیەش( ٣٩٥) یان بەنەشتەرگەریو (١٦٥٢) بە ئاسایی لەدایکبون.

لەسنووری قەزای چەمچەماڵو هەشت ناحیەی دەوروبەری تائێستا جگە لەبەشی منداڵ بوون لەنەخۆشخانەی گشتی شەهیدپێشرەو، کە لەناو شاری چەمچەماڵ دایە هیچ نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەمنداڵبوون نیە.

# گۆڕانکاریەکانی کۆلێژی پەروەردەی چەمچەماڵ بۆ ساڵی نوێی خوێندن

کۆلێژی پەروەردەی چەمچەماڵ بۆساڵی نوێی خوێندن، بەشی ئینگلیزی دەکاتەوەو، سێو پێنج فەرمانبەر وەردەگرێتو چوار هۆڵی نوێی خوێندنیش دەکاتەوە. ڕاگری کۆلێژەکە ڕایدەگەیەنێت بۆ ئەمساڵ کێشەی هۆڵی خوێندنیان نامێنێت، ئەگەر بەشی نوێش بکرێتەوە.

ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی چەمچەماڵ د.عادل ڕەشید، ڕایگەیاند" بەهاوکاری وەزارەتی خوێندنی باڵا توانراوە کەلوپەلی پێویست ئامادەبکەینو، ئێستا سەرقاڵی دابینکردنی مامۆستای پسپۆڕی زمانی ئنگلیزین بۆ بەشی ئینگلیزی".

ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی چەمچەماڵ، وتی"ئەوەی گرفتە لەبەردەم کردنەوەی بەشی زمانی ئنگیزی نەبوونی تاقیگەی دەنگیە. بۆیە بڕوامانوایە ئەمساڵ ناتوانین خوێندکار بۆ ئەو بەشە وەربگرین. تەنها ئەوەندە نەبێت ئامادەکاریەکان تەواو دەکەین بۆساڵی خوێندنی داهاتوو".

هەروەها ڕاگری کۆلێژەکە، وتی"ساڵی پار هۆڵی وانە وتنەوەمان کەم بوو. بۆیە لەوەرزی هاوینی ئەم ساڵدا، چوار هۆڵی نوێمان ئامادەکردوە. ئەگەر بەشی نوێش بکەینەوە هیچ گرفتێکی هۆڵمان نابێت".

لەلایەکی دیکەوە بەمەبەستی باشتر بەڕێوەچوونی ئیشوکارە ئیداریەکانی خۆی، بەفەرمانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، کۆلێژی پەروەردەی چەمچەماڵ ٣٥ فەرمانبەردادەمەزرێنێت.

ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی چەمچەماڵ د.عادل ڕەشید، وتی"ئەو کەسانە ساڵی پارناوی خۆیان لای ئێمە تۆمارکردووە، ناوەکان بەرزکراونەتەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا. بەڵام بەهۆی ئەوەی دامەزراندن ڕاگیرابوو ئێستا ناویان هاتۆتەوەو، سەرقاڵی مامەڵەی دامەزراندنن".

دەربارەی ئەوەی کە داوای تەزکیەی حیزبی لەو کەسانە کرابێت، کە مامەڵەی دامەزراندنیان کردوە. بەڕێوەبەری ئاسایشی چەمچەماڵ، موقەدەم ئەحمەد نادر وتی"ئەگەر ئاسایشێك داوای تەزکیەی کردبێت ئەوە بەنەزانی کردویەتی. ئێمە بۆ هەر فەرمانبەرێك کە دادەمەزرێت دۆسیەیەکی ئەمنی بۆ دەکەینەوە".

لەساڵی خوێندنی ٢٠٠٦-٢٠٠٧کۆلێژی پەروەردەی چەمچەماڵ کەسەر بەزانکۆی سلێمانیە کراوەتەوەو، چواربەشی زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، دەروونناسیو زانستەسیاسیەکانی لەخۆگرتووە.

# لەچەمچەماڵ کلۆر بەسەر هاوڵاتیان دادابەش دەکرێت

لەشارۆچکەی چەمچەماڵ، هەر هاوڵاتیەك داوای کلۆر بکات پێیدەدرێتو، سەرۆکی شارەوانی ڕایدەگەنێت حەوزەکانو تانکی ئاوەکانو، ئەوتانکەرانەشی ئاو بەماڵان دەفرۆشن کلۆریان دەدرێتێ.

سەرۆکی شارەوانی چەمچەماڵ نەوزاد جەلال، ڕایگەیاند"هەر هاوڵاتیەك داواکاری پێشکەش بکات لە فەرمانگەی ئاو، کلۆری پێدەدرێو، ڕێنمایشی پێشکەش دەکرێ سەبارەت بەچۆنیەتی بەکارهێنانی".

سەرۆکی شارەوانی وتیشی"سەرەڕای ئەوەی لەجارانو ئێستاش دا حەوزەکانو تانکی ئاوەکان بەئامێری تایبەتی ماددەی کلۆریان تێ دەکرێو، دابەشیش دەکرێ بەسەر ئەو تەنکەرانەی ئاوی خواردنەوە بەماڵان دەفرۆشن".

# نوسین بەهایەکی پیرۆزی هەیە با لەپیرۆزیەکانی کەم نەکەینەوە

**فەرمان عوسمان ڕەزا**

بواری ڕۆژنامەگەری بوارێکی گرنگی بەرەوپێشچونی هەر گەلو کۆمەڵگایەکە. بەجوانیەکانی ڕۆژنامەگەری دەتوانن گۆڕانێکی نەوعی بەسەر تاكو خێزانو کۆمەڵگاو دەسەڵات بهێنن. بونی ڕێژەیەکی زۆری مینبەر بۆ نوسینو ڕادەربڕین، جێگای خۆشحاڵیە. ڕۆژنامەو گۆڤارو ماڵپەڕەکان زۆرێکیان لە تاکی کورد سەرقاڵکردوە. خەریکی دەرچواندنی چەندین بلاوکراوەن، بەڵام ئەوەی جێگای داخە خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیارێتی لەبواری ڕۆژنامەگەریدا کاریکی نەشیاوە. ئەوەندەی سەرقاڵی ناشرینکردنی یەکترین ئەوەندە فاکتەری هۆشیاری کۆمەڵگاو ڕێگرکاری بەردەم گەندەڵی دەسەڵاتو پرۆژە ئیفلیجەکانیان نین. خۆ دورگرتنی نوسینەکانو بلاوکراوەکان لە بەرپرسیارێتی لاوازی بواری ڕۆژنامەگەری کوردی دەردەخات.

دەبێت ئێمە خۆمان بە بەرپرسیار بزانین بەرامبەر نوسینەکانمانو، بەشێك بین لەچارەسەری کێشەکان لە هەر بوارێکی ژیاندابێت. دەبێت زمانی نوسین زۆر نەرمو جوان بێت، چونکە هەرکات بەقەڵەمێکی ڕزیو ویستت بەرامبەرەکەت یاخود حکومەتەکەت لەبەرامبەر گەندەڵیەکانی ڕابوەستێنیت. هیچ کات نابیت بە فاکتەری چاکسازیو هۆشیارکردنەوە. بەپێچەوانەوە ئەو نوسینانە بەقێزەوەن تەماشادەکرێتو، زۆرکات بەرامبەرەکەت کاتی خۆی پێوە ناکوژێتو هەرنایخوێنێتەوە. ئەم جۆرە نوسینانە چوارچێوەی هزرو بیرکردنەوەی تۆ بەبەڵگە بەرتەسك نیشاندەدات.

پێویستە باش بزانین کارو پیشەی نوسین تەنها یەك لایەن نیە. دەبێت لەئازادی ڕادەربڕین مافی بەرامبەرت بپارێزیت. مافی ئازادی ڕادەربڕین بەبەرامبەرەکەت بدەیت بەشێوەیەك لەیەکتر بگەنو ببن بەفاکتەری چارسەرکردن. کاتێك شتێك بەرامبەر دەسەڵات دەنوسی کارێك بکەیت تەشهیرو ناوزڕاندن کاری خراپ نەکاتە سەر ڕەوشەکە.

ئەوەی گرنگە ئێمەی قەڵەم بەدەستەکان، وەکئەوەی لە کۆمەڵگادا بەکەسانی ڕۆشنبیر ناوزەرد دەکرێین، لەپیرۆزیو پێگەی نوسین کەم نەکەینەوە. لەگەڵ ئەوەدام ڕەخنە لەهەموو بوارەکانی ژیان بگیرێت بەمەبەستی پێشخستنی کۆمەڵگاو دەسەڵاتو چاکسازی. نەك سەرقاڵبین بەتەشهیرو ناوزڕاندنو جنێوفرۆشی. وەك ئەوەی ماوەیەکە لەنیوان چەندین ڕۆژنامەو سایت دا دەبینین. کارێکی نارێکە لەبواری ڕۆژنامەگەریدا وەك ئەوەی تەنها بۆ جنێودانو وەڵامدانەوەی یەکتری دروستبون. ڕۆژانە هەر سایتێك دەکەیتەوە چەند بابەتێکی نامەنتقی تێدایە لەسەردێڕ تا کۆتایی وشەی ناشرینو نەخوازراو نوسراوە.

بەڵام ئەوەی ئەرکی ئێمەیە وەك چۆن لەسەرەتادا ئاماژەم بۆکرد، خۆمان بێلایەن نەگرین لەبەرامبەر بەرپرسیاریتی. دەبێت بێدەنگ نەبین بەرامبەر بەو بلاوکراوانەی بواری ڕۆژنامەگەری کوردیان ناشرین کردوە. چونکە نوسین هۆکارێکە بۆچاکسازی. لەهەمانکات بۆ بۆشایی دروستبونو دروستبونی گەندەڵی لەهەموو بوارێکدا.

## درێژەی .. مەڵبەندی چەمچەماڵی یەکێتی....

لەلاپەڕە پێنجی ژمارە ٥٠٠ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا. سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاریداوە بەبانگکردنی سیروانی کوێخا نەجمو، ئەگەری ئەوەش هەیە سەرجەم ئیمتیازاتەکانی لەلایەن یەکێتیەوە ڕابگیرێن. لەو بارەیەوە، بەرپرسی پێشوی مەڵبەندی چەمچەماڵی یەکێتی سیروانی کوێخا نەجم، وتی"تاوەکو ئێستا بەڕەسمی ئاگادار نەکراومەتەوە. ئەگەر بانگیشم بکەن ئەوا من قسەی خۆم دەبێت".

# کەمپێک بۆ عەرەبە ئاوارەکان لە ناحیەی تەکیە دروست دەکرێت

بەبڕیارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکان لە ناحیەی تەکیە پارچە زەویەك بۆ عەرەبەکانی سنورەکە تەرخان دەکرێت. سەرۆکی شارەوانی ناحیەکە دەڵێت بەنوسراوی ڕەسمی ئاگادار کراوینەتەوە. بەڕێوەبەری ناحیەکەش دەڵێت ئاگادار نەکراومەتەوە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکان بەنوسراوی ژمارە ١٣٠ لە بەرواری ٢٠٠٧/٨/٢٩ داوا دەکات پارچە زەویەك بۆ عەرەبە ئاوارەکانی دانیشتوی سنوری پارێزگای سلێمانی لەناحیەی تەکیە دابین بکرێت. سەرۆکی شارەوانی تەکیە ئەندازیار هیرۆ تاهیر، بە چەرموی ڕاگەیاند"ئێمە بەنوسراوێکی ڕەسمی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیەکانەوە ئاگادار کراوینەتەوە".

بەڕێوەبەری ناحیەکە نەوزاد نوری، لەوبارەیەوە وتی"من تا ئێستا بەڕەسمی ئاگادار نەکراومەتەوە، من ئەم کارە بەباش نازانم کە لەم ناوچەیە کەمپێکی لەو شێوەیە دروست بکرێت. چونکە ئێمە پێشتر ئەو کێشەیەمان هەبوە". ناوبراو وتی "تەنها لەلایەن قایمقامی قەزای چەمچەماڵەوە ئاگادار کراومەتەوە. ئاگادار نەکردنەوەی من لەو مەسەلەیەدا خۆی لەخۆیدا شتێکی تێدایە".

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com